## مامۆستایەکی ئایینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سزای لەسێدارەدانی بەسەر سەپێندرا



محەممەد خزر نەژاد مامۆستای ئایینی خەڵکی شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ماوەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردوویی ئێران دەستگیرکرابوو، لەلایەن دادگای ئێران لە ورمێ سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا.

بەپێی هەواڵێکی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان مامۆستا محەممەد خزر نەژاد تەمەن 45 ساڵە، کە بەهۆی پشتیوانی لە سەرهەڵدانی خۆپیشاندان زیاتر لە ساڵێکە لە زینداندایە، بە تۆمەتەکانی "خراپەکاری لەسەر زەوی"، "زیانگەیاندن بە یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکە" و "بانگەشە لە دژی سیستمی دەسەڵاتدار" سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە، کە ئەو مامۆستا ئایینیە لە دادگا ڕایگەیاندبوو، کە لە ژێر ئەشکەنجەی قورسی جەستەیی و دەروونیدا ناچار بە دانپێدانان بە تۆمەتی ساختەدا کراوە.